


# دۆزەخ و کودەتا

**بۆرخیس**

**و: سابیر شاکر**

**دۆزەخ**

هەر لە گزنگی بەیانییەوە هەتا زەردەپەڕی ئێوارەی هەموو رۆژێکی دوا ساڵەکانی سەدەی سیازدە ، پڵنگێك

هەندێك تەختەداری بینی، چەند ئەستوندەگێکی ئاسنین، ژنو پیاوگەلێکی بینی کە شێوەیان بۆ سەر یەکتری دەگۆڕا، دیوارێکی ئەستور، شایەد جۆگەیەکی ناو بەردانیش کە گەڵای وشك و پوشو پەڵاش گرتبووی. نەیزانی، هەرگیز نەیتوانی بزانێ شەیدای عەشقو شەیدای وەحشیگەرێتیو شەیدای لەزەتی هەڵدرینی شتێکە، کاتێ گژە با عەتری ئاسكو کارمامزی لەگەڵ خۆی دەهێنا، بەڵام شتێك لە ناخیدا یاخی بوو و هەناسەی لێ بڕیو تەقییەوە. هەر بۆیە خودا لە خەوندا دواندیو گوتی: تۆ لەم زیندانەدا دەژیتو هەر لێرەشدا دەمری، تا پیاوێك کە من دەیناسم چەند جارێك دەتبینێو هەرگیز لەبیری ناچیتەوە.

پیاوێك کە وێنەو هێمای تۆ دەخاتە ناو شیعرێکەوە کە ئەو شیعرە پایەیەکی وردی هەیە لە رەنگرێژی گەردووندا، تۆ بەدەستی دیلییەوە دەناڵی، بەڵام وشەیەك دەبەخشیتە شیعرێك، خودا لە خەوندا ئاژەڵێتی لەبەر چاوی گیانەوەرەکە جوانو شرین کرد، بۆیە گیانەوەرەکە بەچارەنووسی خۆی رازیبوو و داسراکا، بەڵام کاتێك بەئاگا هات تەنها خۆ بەدەستەوەدانێکی تاریكو جەهالەتێکی ئازای بینی، چونکە بەلای سادەگیی گیانەوەرەوە، میکانیزمی دنیا بەتەواوەتی ئاڵۆزە. ساڵانێك دواتر (دانتی) وەك هەر پیاوێکی تر، تاك و تەنها، غەرقی گوناح لە (راڤینا) گیانی دەدا. خودا لە خەوندا هۆکاری نهێنیی ژیانو کارەکانی خۆی پێوت.

دانتی بەسەرسوڕمانەوە لە کۆتاییدا زانیی کێ بووەو چی بووە، بۆیە کولەمەرگیو ژینتاڵییەکەی خۆی بەنیعمەت زانی.

نەریتەکان دەڵێن گوایا کاتێك بەئاگاهات هەستی کرد شتێکی ناکۆتای درایەو ونیکرد، شتێك کە هەرگیز لە توانایدا نییە بەدەستی بهێنێتەوە، یان جارێکی تر بیبینێتەوە بەچاو، چونکە بەگوێرەی سادە لەوحی مرۆڤ میکانیزمی دنیا بەتەواوەتی ئاڵۆزە.

**کودەتا**

هاوڕێکانی قەیسەر، بەمەبەستی تۆقاندنو کوشتنی، بەنووكو مەودای تیژی خەنجەرە بێ ئامانەکانیان، قەیسەریان پاڵدایە بەر پێی پەیکەرێك، بەڵام تزار لە نێوان مەوداکانو روخسارەکاندا دەموچاوی (مارسیس جنیۆس پرۆتەس)ی خزمەتکاری خۆی کە دەشێ کوڕیشی بووبێ دەناسێتەوە. لەبەر هەندێ بەرگریی نەکردو دەستی لە خۆی بەرداو هاواری کرد: (تەنانەت تۆش کوڕەکەم!).

دەبایە شکسپیرو کۆفیدو ئەم هاوارە جەرگبڕە زیندوو بکەنەوە.

چارەنووس حەزی لە دووبارەبوونەوەو یەکڕەنگییە، لە چونیەکیو لەبەرگرتنەوە لە هاوئاهەنگی. لەبەر ئەوە نۆزدە سەدە دواتر لە باشووری بۆینس ئایرس گاوانێك هێرش دەباتە سەر گاوانێکی تر، ئەوەیان کە دەکەوێتە سەر زەوی روخساری ئەو کوڕەی دەناسێتەوە کە هی خۆی نەبوو و بەخێو و گەورەی کردبوو، لەگەڵ سەرسوڕماندا بەسەرزەنشتێکی ئارام دەڵێ:. تەنانەت تۆش- (وشەکان ناخوێنرێنەوە دەبێ بەگوێی خۆت زایەڵەیان ببیستی).

کوژرا، بەڵام نەیزانی دەمرێت تاوەکو دیمەنەکە دووبارەبێتەوە!

**خۆرخێ لویس بۆرخیس ١٨٩٩-١٩٨٦ ئەرژەنتین**

باوە بۆرخیس یەکێکە لە گەورەنووسەرانی ئەمریکای لاتینو هەموو دنیا، بەڕای زۆربەی تۆژەرەوانو رەخنەگران باوکی راستەقینەی ریالیزمی جادووییە. باوە بۆرخیس خاڵی وەرچەرخانە لە ئەدەبی ئەمریکای لاتینداو هەر ئەویش بوو بووە هۆی کرانەوەی ئەوروپاو دنیا بەسەر ئەدەبی ئەمریکای لاتیندا، ئەم گەورە نووسەرە خەڵکی وڵاتی ئەرژەنتینەو لە ساڵی ١٨٩٩دا لە بۆینس ئایرسی پایتەخت هاتووەتە دنیاوەو یەکەم دیوانە شیعری خۆشی لە ساڵی ١٩٢٣دا پێشکەشی ئەو شارە، واتە زادگاکەی کردووە بەناوی (گڕی بۆینس ئایرس).

ئەم زاتە پیرۆزە، زۆر سەرسامبووە بەهەزارویەك شەوەو کافکاو ئیدگار ئاڵان پۆو زۆر لە نووسەرانی دیکە. هەر خۆشی رۆمانی —خاتوو دالاوای- و رۆمانی —ئۆرلاندۆی- وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئیسپانی، کە دوو شاکاری ڤیرجینیا وۆلف-ن.

ئەفسوس سەد ئەفسوس ئەم زاتە لە سییەکانی سەدەی رابردوواو لە کارەساتێکی دڵتەزێندا بڕشتی چاوی کزبووەو دواجار لە ساڵی ١٩٥٩دا بۆ هەتایە بینایی لەدەست دا.

زۆربەی بەرهەمەکانی پرسیارن دەربارەی گرێکوێرەکانی میتافیزیكو ئاینەکان، دەربارەی ئاوێنەکانی عەشق، دەربارەی ونگەکانو کتێبەکان. دەربارەی فەنتازیاکانی رازی مەرگو دەربارەی فەنتازیای خەنجەری شەقاوەکانو دوالیزمەکانی ناخی مرۆڤ، دەربارەی منداڵیی دنیا عاجباتییەکانو فەنتازیای لۆجیکەکان. خەڵکی وڵاتی ئەرژەنتینو بەتایبەتی بۆینس ئایرسی پایتەخت بەرادەیەك ئەم بۆرخیسیان خۆشدەویست لەهەر شەقامێك دەرکەوتایە، ماشێنەکانو ئۆتۆمبیلەکانو پاسەکانو ترامواکانو تەکسییەکانو گالیسکەو عارەبانەکان لەبەر خاتری ئەو رادەوەستان. گابرێل گارسیا مارکیزیش لەبەر خۆشەویستی ئەو کاراکتەری میلیکیادیستیی سەد ساڵ تەنیایی لەسەر —ئیبنولروشد- بنیات ناوە، کە کارەکتەری سەرەکیی یەکێك لە چیرۆکە جوانەکانی بۆرخیسە بەناوی (تێزی ئیبنولروشد).